# تەقوای خوای گەورە بکەن، وپێنج نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، وله مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژوو بگرن، وزەکاتی ماڵەکانتان (سامانەکانتان) دەربکەن

له ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم له پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو له حەجی ماڵئاواییدا وتاری دەدا، وفەرمووی: «تەقوای خوای گەورە بکەن، وپێنج نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، وله مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژوو بگرن، وزەکاتی ماڵەکانتان (سامانەکانتان) دەربکەن، وگوێڕایەڵی کاربەدەستەکانتان (ئەمیرەکانتان) بن؛ ئەگەر وا بکەن ئەوا دەچنە ناو بەهەشتی پەروەردگارتانەوە».

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دا له ڕۆژی عەرەفە له حەجی ماڵئاواییدا، ساڵی دەی کۆچی، وبەم ناوە ناونرا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێیدا ماڵئاوایی لەخەڵکی کرد، وفەرمانی بە خەڵکی کرد کە لە پەروەردگاریان بترسن وتەقوای خوای گەورە بکەن، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی وخۆ بەدوور گرتن لە نەهی لێکراوەکانی. وپێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدەن کە خوای گەورە -عز وجل- فەرزی کردووە لەسەریان لە شەو وڕۆژێکدا. وڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرن. وزەکاتی سامانەکانیان بدەن بە ئەوانەی شایستەن زەکاتیان پێبدرێت وڕەزیل نەبن. وگوێڕایەڵی ئەوانە بن کە خوای گەورە کردوونی بە کاربەدەست بەسەریانەوە، بەمەرجێك فەرمانەکانیان سەرپێچی فەرمانی الله نەبێت. هەرکەسێك ئەم شتانە بکات کە باسکراوە ؛ پاداشتی چوونە بەهەشتە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee